دژتیرۆر دەستگیرکردنی تیرۆرستێکی لە سنوری گەرمیان راگەیاند

بەڕێوبەرایەتیی گشتیی دژتیرۆر، رایگەیاند کە "تیرۆرستی داواکراوی" لە سنوری گەرمیان دەستگیرکردووە، کە لەسەرەتای کارو چالاکییەکانی داعشەوە پەیوەندی بەو ڕێکخراوە کردوە و لە چەندین پێگەی ئیداری و سەربازیی کاریکردوە.

بەڕێوبەرایەتیی گشتیی دژتیرۆری کوردستان، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "پاڵپشت بە زانیاری هەواڵگری ورد و دروست، هێزەکانی بەڕێوبەرایەتیی گشتیی دژتیرۆر لە ئەپراسیۆنەکدا لە سنوری گەرمیان توانیان تیرۆرستێک دەستگیربکەن".

ئاماژەی بەوەشکرد، "تیرۆرستی دەستگیرکراو لەسەرەتای کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) پەیوەندی بەو ڕێکخراوە کردووە و لە چەندین پێگەی ئیداری و سەربازیی کاریکردوە".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، داواکراوەکە لەگەڵ براکانیدا دەستیان هەبوە لە کوشتنی چەندین کەس و لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە بە پێی ماددەی 4ـی یاسای بڕێنگاربونەوەی تیرۆر داواکراوبوە. پاش

دەستگیرکردنی، هاوەستی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق کرایەوە بە مەبەستی سزادانی.